# قەرەئەنگوێ و چاوەڕوانییەکانیان

**سەلام عەبدوڵا**
dwaroj@yahoo.de



لە بناری چیای سارەو لە شیوێکی زۆر لێژی ناو دۆڵی جافایەتی، مرۆڤ ڕووبەڕووی خەلکی ئیشکەر بەڵام هەژارو قانیع و ماندوونەناس، سەرڕاست تا سەر ئێسقان، ڕووخۆش و خۆشەویست دەبێتەوە. ئەم شوێنە ناوی(قەرەئەنگوێ)یە. پێش بیست و شەش ساڵ مامۆستای ئەم ئاواییە بووم و بە ئەرکی خۆمم زانی سەردانیان بکەم.

قەرەئەنگوێ وەک چارەنووسی دێهاتەکانی دۆڵی جافایەتی، لە شاڵاوی بەدناوی ئەنفالدا هەموو ماڵ و قوتابخانەکان ڕووخێنران و تاڵانکرا و چەندین قوتابی و خۆشەویستی ترم ئەنفال کران:

تەوفیق ڕەسول قادر و سەبریە ئەحمەد حوسین و منداڵەکانیان(سروە، ژیانە، مەلەک، سیوەیل، مەهدی، سیروان)؛ حوسین ئەحمەد و حەپسە ڕەسول قادر و منداڵەکانیان(خاوەر–قوتابیم بوو– شیرین، بەکر، سۆران، شنۆ، بەرزان)؛ لەتیف مەحمود، خورشید ئەحمەد و منداڵەکانیان(سەلام–قوتابیم بوو، جەبار–قوتابیم بوو، یوسف، ئارەزوو)؛ ئومید مەحمود، حەسەن ئەحمەد، بەختیار حەسەن، مەردان حەسەن ئەحمەد. هەروا ڕەسول قادر حەمە لە پاش ئازادبوونی لە زیندانی ئەبو غریب لە قەرەئەنگوێ گیانی لەدەستدا؛ زوبەیدە حەمە ڕەسول(لە کاتی بۆردومانکردنی ئاواییەکە شەهید بوو)؛ مەحەمەد پیرۆت موستەفا(تا ئێستا بێسەروشوێنە)؛ فاتم فەتاح(لە کاتی گەڕانەوەی کەسوکاری لە–بانە–وە تەرمەکەیان لەبن دارە تۆکە بینیەوە؛ خەدیجە قادر حەمە(لە ڕەوەکە لە نزیک گوندی–گەورە دێ–بەجێما)و مەحەمەد قادر حەمە لە پاش ئەنفال لە ئاوایی بیوەران گیانی لەدەستدا.

ئێستا جادەی نێوان قەڵاچوڵان–دوکان بەم ئاواییە تێدەپەڕێت. سەرانی حزب و بەشێکی زۆر لە پایەبەرزەکانی کوردستان بەم ڕێگەیە هاتوچوو دەکەن، بەڵام وەک مام گدرون دەڵێ: (لە تەنیشتمان گوزەردەکەن بێ ئەوەی لێمان بپرسنەوە. لەڕاستیدا هەقیانە، چونکە کاریان بە ئێمە نەماوەو خوا ڕزقیانی داو بێجگە لە تۆزوخۆڵ هیچمان بۆ بەجێ ناهێڵن...کاتی خۆی بەنۆرە خواردنمان بۆ بەرەکانی جەنگ دژی بەعس دابیندەکرد. ماڵی وامان تێدابوو تاقە گاکەی بۆ پێشمەرگەکان سەربڕی)!

کاک کەریم بە دڵشکاوییەوە وتەیەکی پێشمەرگە(حەمە بی.کەی.سی) بەبیرهاتەوە کە پێشی شەهیدبوونی وتی: (ئێمە لەپێناو بەرگری لەم دێیە خەبات دەکەین، نەک لەپێناو شۆڕش!)
سەرئەنجامی بەشداری دانیشتوانی ئەم ئاواییە لە خەبات دژی رژێمی بەعس و قوربانیدان و ئازارەکانیان ئەوەیە کراون بە کرێکار بۆ(حەمە بامۆکی). کاک کەریم وتی(ئێمە وەکو جاران نزیکەی15کەسمان کرێکاری دەکەین و رۆژانە15هەزار دینار وەردەگرین؛ هەر یەکێکمان 3هەزار دینار لە کرێی کاری رۆژانەمان دەدەین بە کرێی هاتوچۆ.
پرسیار: کاک حەمە بامۆکی کرێی هاتوچۆکەتان پێنادات؟
وڵام: نەخێر! ئێمە بەیانیان لە کاتژمێری5ی بەیانی دەکەوینە رێ و لە کاتژمێری 5ی ئێوارە دەگەینە ماڵەوە.
ژنانی ئەم دێیە لە پرۆژەی گەشەپێدانی ئاستی هوشیاری، پیشەیی و هونەری و کۆمەڵایەتی رێکخراوی ژنان بێبەشکراون. لەم بارەیەوە خوشکە بەهار وتی: کچانی گوندەکەمان بێکارن و هیچ خولێکی راهێنان بۆ ئیشکردن، بۆ نموونە(درومان، چنین...هتد)یان بۆ ئێمە نەکردووەتەوەو هیچ رێکخراوێکی ژنان سەردانی ئێمەیان نەکردوەو هەر لە خۆیانەوە، بە قسەی زلی پشت مێزەکانیان، خۆیانیان کردووە بە نوێنەری ئێمە!)
دایکە فاتمە بێدەنگییەکەی بڕی و تی: (هیچ بۆ لادێیەکان ناکرێت)
پرسیار: ئەی ئەوە نییە قوتابخانە، نەخۆشخانەی نوێ بۆتان درووستکراوەو کارەباشتان هەیە؟؟
وڵام: راستە، قوتابخانەکە رێکخراوی مناڵپارێزانی کوردستان بۆمانی درووستکردو نەخۆشخانەکە نوێیە و هەموو شتێکی تەواوەو دەرمانیشی تێدایە، بەڵام کەسی لێ دەوام ناکات و لە گوند و سەرچاوەی ئاوەکەشەوە دوورە. خوشکە شەونم لەلای خۆیەوە وتی: یەکێتی مولیدەی250ئەمپێریان بۆمان دابینکردو مانگانە10هەزار دینار لە هەر ماڵێک وەردەگرت و بە سەرپەرشتیاری مولیدەکە دەدرا، بەڵام بەداخەوە هەر ئەم مانگە کارەبامان دەبێ، مولیدەکە سەقەت بووەو دەیبەنەوە.
قەرەئەنگوێ نموونەیەکی ترە بۆ دێیەکی پەراوێزکراو و ئەرکی مرۆیی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی بەرپرسەکانە بەسەری بکەنەوە!